# ئاوڕدانەوەیەک بۆ پێوەندییی نێوان کۆمەڵناسیی و ئەدەب؛ شیکردنەوەیەکی تیۆریی

## بەشی یەکەم

کاروان محەممەد عەزیز
ماستەر لە کۆمەڵناسیی / زانستگەی سۆران

کۆمەڵناسیی ئەدەب، بوار و لقێکی تایبەتییە لەناو کۆمەڵناسیی گشتییدا، جەخت لە پێوەندیی تێکەڵی نێوان ئەدەب بە هەموو لقەکانیەوە، لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتیی و کردە کۆمەڵایەتیەکان دەکاتەوە. ڕوون و ئاشکرایە، هەبوونی خودی ژانرەکانی ئەدەبیی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، ڕەنگدانەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەیە، بە زمانێکی تر، لەم نێوەندەدا، پێوەندییەکی هەمەلایەنە لە نێوان دیاردە ئەدەبیەکان و بونیادی کۆمەڵایەتییدا هەیە، تەنانەت دەرکەوتووە، کە توێژینەوە کۆمەڵناسییە ئەدەبیەکان، پڕ بایەخن بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵایەتیی (Socioeconomic)، پرسگرێن سیاسیی و تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی دەقە ئەدەبیەکان و سیستێمیی و دامەزراوە سیاسیەکان. هەروەها، پێوەندیی نێوان فکر و پێکهاتە کولتووریەکان، کە بەشێکی گرینگی کارە ئەدەبیەکانن. ئەم وتارە، هەوڵدانێکە بۆ باسکردن لە تیۆرییە بنچینەییەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەب. زیاتر تیشک خستنەسەر سروشتی زانستی کۆمەڵناسیی و پێوەندیی لەگەڵ ئەدەب. لەلایەکی تر، جەختکردن لە گەشەسەندنێکی مێژوویییانە بۆ کۆمەڵناسییی ئەدەب.

## سروشت و مەودای کۆمەڵناسیی و پێوەندیی لەگەڵ ئەدەب

بەر لەوەی بچینە سەر باسی دەرکەوتنی تیۆرییە بنچینەییەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەب، پێویست دەکات گفتوگۆی سروشت و مەودای هەر یەکە لە کۆمەڵناسیی و ئەدەب بکەین. چەندین پێناسەی جیاجیای کۆمەڵناسییمان لەبەردەست دان، کە هەر کۆمەڵناسە و بەگوێرەی توێژینەوە، میتۆد و ڕوانگەی خۆی و هەروەها گەشەی زانستی کۆمەڵناسیی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا پێناسەی بۆ کۆمەڵناسیی کردووە. لێرەدا، هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک بخەینەڕوو. بە شێوەیەکی گشتیی، کۆمەڵناسیی وا پێناسە دەکرێت، کە بریتیی بێت لە زانستێک، کە توێژینەوە لەبارەی کۆمەڵگە دەکات. وردتر، زانستێکە توێژینەوە دەربارەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، لەناو خەڵکدا وا ناسراوە، کە کۆمەڵناسیی زانستی کۆمەڵگەیە (Science of Society) (Shankar, ٢٠٠٧). لەلایەکی تر، کۆمەڵناسیی، وەک هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر، بە ژیان و چالاکیی مرۆڤەکان تێکەڵداره، هەروەها شیکردنەوەیەکی زانستیانە بۆ بنەما، بونیاد، گەشەسەندن و ئەرکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دەکات. فەیلەسووفی فەرەنسیی ئۆگەست کۆنت، بۆ یەکەم جار وشەی کۆمەڵناسیی (Sociologie) لە کتێبە باناوبانگەکەی "The Positive Philosophy"بەکارهێنا، کە کۆمەڵناسیی بە زانستی شیکردنەوەی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دادەنێت و وەک زانستێکی سەربەخۆ لە پۆلێنکردنەکەی بۆ زانستەکان جێگەی بۆ کردووەتەوە(Comte, ١٨٩٦) . لەلایەکی ترەوە، ئەمیل دۆرکهایم، کۆمەڵناسی فەرنسیی، چەندین پێناسەی بۆ کۆمەڵناسیی کردووە، پێی وایە کۆمەڵناسیی ئەو زانستەیە، کە لە شێوە تایبەت و جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی، کە پشت بە کۆویژدان دەبەستێت، دەکۆڵێتەوە (موحسینی، ٢٠٠٥). هەروەها، کۆمەڵناسی ئەڵمانیی ماکس ڤێبەر، بڕوای وایە کۆمەڵناسیی، زانستێکە لە ڕێگەی واتا خودیەکانەوە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییی دیاریی دەکات و بەشێوەیەکی زانستیی شیکردنەوەیان بۆ دەکات. لەبەرانبەردا، کۆمەڵناسی ئەمریکیی ولیام گراهام سامنێر، پێناسەیەکی جیاواز و گشتگیری بۆ کۆمەڵناسیی هەیە، کە بە «زانستی کۆمەڵگە»ی دەناسێنێت. کەواتە، بەڕوونیی دەردەکەوێت، کە کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی، کەرەستەی سەرەکییی کۆمەڵناسیین بۆ توێژینەوە و شیکردنەوەیان (موحسینی، ٢٠٠٥). لە ئەدەبدا، هەروەک لە کۆمەڵناسییدا باس لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ مرۆڤ دەکرێ، ئەمادەبوون و ئارەزووی ئەم ژینگە کۆمەڵایەتییە بۆ گۆڕانکاریی دەخرێتە بەرباس. لە ڕاستییدا، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی و کۆمەڵگەکەی، پێکهاتەیەکی سەرەکیین بۆ هاتنەکایەوەی ئەدەب، واتە سەرچاوەی سەرەکییی دروستبوونی ئەدەبن. چونکە ئەدەب پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شێوازی دەربڕین و پێشکەشکردنی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بێگومان ئەویش لە ڕێگەی زمانەوەیە .(Wellek and Warren, ١٩٥٦) Hudson (١٩٥٨) تێڕوانینێکی گشتیی هەیە دەربارەی ئەدەب، کە پێی وایە بریتییە لە

تۆمارکردن و پێشاندانی جەوهەری هەموو ئەو شتانەی، کە مرۆڤ لە ژیانیدا دەیانبینێت و بەرجەستەیان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا، جارێکی تر، ئەو شارەزاییی و ئەزموونەی مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا، وەک پرۆسەیەکی بەکۆمەڵایەتییبوون لە بارەی ژیان فێریان دەبێت و وەریان دەگرێت، لە دواجاردا لە بەرژەوەندیی خۆیەوە بەکاریان دەهێنێتەوە. بۆیە لە بنەڕەتدا، ئەدەب دەربڕینی ژیانە لە ڕێگەی زمانەوە. دەکرێ بە کورتیی ئاماژە بکەین، کە ئەدەب کاردانەوەی ژیانە، هەڵقوڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتییی تاکەکانە. لەهەمان کاتدا، ژیان مانای ئەدەب دەدات. زیاتر لەوەش، تاک و کۆمەڵگە هەردووکیان بە یەکەوە پێکهاتە و کەرەستەیەکی گرینگی ئەدەبیین. لە کاتێدا، لە ژینگەیەکی دەرەکییدا، هەموو ئەو پێکهاتانەی دەچنە ناو هزری نووسەر، دەبنە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی ئەدەب. بۆیەشە، پێناسەکردن و ناساندنێکی وردی ئەدەب؛ هەم وەک تێگە، هەم وەک ناوەرۆک، کارێکی سەختە، چونکە ئەدیبەکان و ڕەخنەگرەکان هەر لە پلاتۆوە، تا دەگاتە نووسەر و ڕەخنەگرەکانی ئەم سەردەمە، پێناسە و بۆچوونی جیاوازیان بۆ ئەدەب هەیە. ئەم تێگەیشتنە جیاوازە بەرانبەر بە ناساندنی ئەدەب، وای کردووە کۆمەڵێک تیۆری ئەدەبیی جۆراوجۆر بەرهەم بێن. بۆ زیاتر ئاشنابوون، هەردوو تیۆریستی بواری کۆمەڵناسیی ئەدەب، واڵێت و وارڕێن بە شێوەیەکی چڕ جەخت لەسەر پێناسە جیاوازەکانی ئەدەب دەکەنەوە، کە پێیان وایە ئەدەب، بە مانای تێگەیشتنی ئەدەبیی و سەرواتای زمان دێت. لەلایەکی تر، پێیان وایە ئەدەب بریتییە لە بەرهەمهێنانی واقیعێکی کۆمەڵایەتیی .(Wellek and Warren, ١٩٥٦) هەردوو تیۆرزان، لە ناساندنەکانیان قووڵتر دەبنەوە دەربارەی پێناسەیەکی سروشتیی بۆ ئەدەب، پێیان وایە ئەدەب دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان، وەک دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیی. لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە ئەدەب بە مانای ژیان دێت، کە تاکەکان تێیدا، لە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەردەوام دان، لەگەڵ دەورووبەر، ژیانیش کۆمەڵێک پێوەرە لە واقیعێکی کۆمەڵایەتیی. یەکێک لە کێماسییە بنەڕەتیەکانی پێوەست بە ئەدەب بریتییە لە خودی پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، لەسەر ئەم بنەمایە؛ بەشێک لە ڕەخنەگرەکان، کە بۆچوونێکی سەردەمیانەیان هەیە دەربارەی ئەدەب و کۆمەڵناسیی پێیان وایە ئەدەب، وەک ناوەرۆک و پێکهاتەکانی، گرینگترە لە بونیادی کۆمەڵایەتییی کۆمەڵگە. لەهەمان کاتدا، دژی ئەو ڕێبازە کۆمەڵناسیانە دەوەستنەوە، کە توێژینەوە سەبارەت بە ئەدەب و لێکنزیکبوونەوەی کۆمەڵناسیی و ئەدەب دەکەن. بەڵام لەبەرانبەر ئەمەدا، بۆچوونێکی تر هەیە، کە هەندێک لە ڕەخنەگرە نوێیەکان و کۆمەڵناسەکان لە هەوڵدانی بەردەوام دان بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵناسیی. زۆرن ئەوانەی قسەوباس دەربارەی ئەم بابەتە دەکەن، بە هەردوو لایەنی دژیەتییی و لایەنداریەتیی، بەڵام زۆربەی ڕەخنەگران و شارەزایان لەو باوەڕە دان، کە پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، پێوەندییەکی دوولایەنەیە (Shankar, ٢٠٠٧). بە تێگەیشتنی ئەوان.

کۆمەڵگە و ئەدەب پابەندبوونێکی هەمیشەییان هەیە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم پێوەندیی و پابەندبوونەش، وەک والێت و واررێن پێیان وایە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەدەب لە بنەڕەتدا دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان، وەک دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیی .(Wellek and Warren, ١٩٥٦). Hudson (١٩٥٦) ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەدەب بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەناوی کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێت، دەتوانین بڵێین لە شێوازی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە گرینگە مرۆڤ سەرچاوە سەرەکییەکانی هاتنە کایەوەی ئەدەب بزانێت، هەروەها دەرک بەوە بکات، کە ژیان خۆی، فۆرم و شێوەی جۆراوجۆر بە ئەدەب دەبەخشێت. هەروەها، وەک یەکبوون و سەقامگیریی پێوەندیی نێوان کۆمەڵناسیی و ئەدەب پێوەستە بە سەقامگیریی کۆمەڵگە و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی. چونکە ئەو گۆڕانکاریانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، دەبن بە فاکتەری گۆڕانکارییش لە فۆرم و ناوەرۆکی ئەدەب. لەهەمان کاتدا، گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە، بە هۆی پێشڤەچوون و هاتنەکایەوەی ئایدیای نوێ لە ئەدەب. لێرەدا، پێوەندیی نێوان کۆمەڵناسیی و ئەدەب، بەڕوونی دەردەکەوێت، کە پێوەندییەکی دوولایەنەیە. کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو باوەڕەی، کە کۆمەڵناسیی ئەدەب، توێژینەوە لەسەر پێوەندیی نێوان ئەدەب و خودی کۆمەڵناسیی دەکات. ئەدەب کاریگەر دەبێت، بە بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەم کاریگەربوونە بە بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان، پێوەندیی نێوان کۆمەڵناسیی و ئەدەب پێشان دەدات. لە ڕاستییدا، ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە سیستێمێکی کۆمەڵایتیی بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، چونکە دامەزراوە و هێزە کۆمەڵایەتیەکان، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر کاری ئەدەبیی. هەر کۆمەڵگەیەک، بونیادێکی تایبەتمەند بەخۆی هەیە لە نۆرم، بەها، ڕەفتار، باوەڕ و ئارێشەی. هەموو ئەمانە بە یەکەوە کۆمەڵیک وێنە، سیمبول، بابەت، بیروباوەڕ، فۆرم و شێوەی جیاواز بە ئەدەب دەبەخشن. ئەمش وادەکات، کە کاری ئەدەبیی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاواز بێت بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵگەکە، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بریتییە لە کاریگەریەکانی بونیادی کۆمەڵایەتییی کۆمەڵگە بۆ سەر ئەدەبیات.(Plekhanov, ١٩١٢) کارە ئەدەبیەکان، هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ژینگەیی، ئایینیی، ئابووریی و بەها نیشتمانیەکان لە خۆدەگرێت. لەم ڕوانگەوە ستایل و فۆرمی ئەدەب دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و چالاکییەکانی کۆمەڵگە، بۆیە ئەدەب، وەک ڕووخساری کۆمەڵگە دەردەکەوێت. وەک پێشتر، ئاماژەمان پێدا، پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دوولایەنە، ئەدەب کاریگەر دەبێت بە کۆمەڵگە، هەروەها کاریگەرییش دروستدەکات لەسەر کۆمەڵگە. بۆ نموونە، کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی، کەرەستەیەکی خاوی زۆر باشن بۆ ئەدیب و نووسەران؛ بەڵام، مەرج نییە کەرەستە هەمان کاری ئەدەبیی لێوە بەرهەم بێت؛ بەڵکو دەکرێت کارێکی جیاوازتر بەرهەم بهێنێت و کاریگەریی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکات. لەڕاستییدا، سروشتی ستایل و فۆرمی ئەدەب، پشت بە تێگەیشتن و داهێنانی نووسەر دەبەستێت.

لایەنێکی تر، کە پێویستە بخرێتە بەرباس، لایەنی ژینگەی جوگرافییە. واڵیت و وارڕێن پێیان وایە، ژینگەی جوگرافیی و پێشکەوتنی زانستیی بە ڕێگەی جۆراوجۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر تایبەتمەندیی و شێوازەکانی ئەدەب، بەجۆرێک، کە ژینگەی جوگرافیی وێنەی ئەدەبیی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام پێشکەوتنی زانستی بیروباوەڕ و بەرهەمی ئەدەبیی بەرهەم دەهێنێت. لەلایەکی ترەوە، بەرهەمە زانستییە مۆدێرنەکان، توانیویانە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دروست بکەن و ئاڕاستە و ڕوانگەی نوێ بهێننە ناو کاری ئەدەبیی، بە جۆرێک ڕۆمانەکانی سەتەی بیست، گۆڕانکارییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیان بە ڕوونیی پێوە دیارە. بۆ نموونە، بزووتنەوەی ڕێنسانس خواست و ئارەزووی مرۆڤایەتیی هێنایە ناو شاکاری ئەدەبیی؛ کە ئەمە گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە ئەدەبدا، هەروەک لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیی، ئەدەب زیاتر بەرەو فەلسەفەی ماتریالیزمیی لایدا. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەدەب بەرهەمی بونیادی کۆمەڵایەتیی و هێزە کۆمەڵایەتییەکانە، کە بە هیچ شێوەیەک لە کۆمەڵگە دانابڕێت. بە مانایەکی تر، هەر هەوڵێکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەدەبیی بەبێ ڕەچاوکردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و شێوازەکانی ژیان، ناچێتە چوارچێوەی کاری ئەدەبیی .(Wellek and Warren, ١٩٥٦)

پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، هەر لە سەرەتاوە پێوەندییەکی بەهێز و دانەبڕاو بووە. بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەدەب؛ دەبینین، کە لەسەرەتادا ئەدەبیات گرینگیی داوە بە ململانێی نێوان ڕاست و چەوت، یان چاکە و خراپە. لە ڕاستییدا، چاکەکاریی و ڕاستگۆیی بنەمای سەرەکیی کارکردنی ئەدەب بووە لە ڕابردوودا، بەڵام ئەم چاکەکارییە لە ئەدەبدا لە نیوەی دووەمی سەتەی هەژدەهەم گۆڕانکاریی بەسەردا هات. بە جۆرێک، کە وەسفی جوانیی مرۆڤەکان شوێنی خودای چاکە و ڕاستگۆیی گرتەوە، بە تایبەت لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیی، ئەمە بە ڕوونی دەرکەوت. دواتر لەگەڵ پێشکەوتنی سیستێمی کاپیتالیزم، جارێکی تر، بنەما، سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵایەتیی، شوێنی مرۆڤی گرتەوە. لە سەردەمی نوێگەرییشدا، ئەدەبیاتی هاوچەرخ، زیاتر جەختی کردووەتە سەر لایەنی ئابووریی، ماددیی و ژینگەیی مرۆڤ، هەروەها ئەم جۆرە ئەدەبیاتە زیاتر گرینگیی پێدرا لەلایان خوێنەرانەوە. لەوەوپێش، باوەڕ وابوو بەپێی هەندێک باوەڕگەی فەلسەفیی؛ ماددە سەرچاوەی ئەدەبە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا، ڕایەکی جیاوازتر هەیە، کە پیشەسازیی، کاپیتالیزم، کۆمۆنیزم و تۆتالیتاریزم فاکتەرن بۆ گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵایەتیی کەمەڵگە، کە لە دواجاردا دەبێتە گۆڕان لە کاری ئەدبیی جیاواز لەپێش خۆی.(Barnet, ١٩٧٠)

ئەدەبیاتی نوێ، جەخت دەکاتە سەر بیروباوەڕ و ڕەوشت، کە بە فاکتەرێکی گرینگیان دەزانێت بۆ ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەدا، بەڵام جارێکی تر، لەگەڵ گەشەسەندنی زانست و هاتنەکایەوەی هزری نوێ، کاری ئەدەبیی گۆڕانی بەسەردا هات بۆ گرینگییدان بە مرۆڤ و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی. لە ئەنجامدا، سیستێمی کۆمەڵایەتیی لە ئەدەبی .

مۆدێرندا، ناتواندرێت گرینگییەکەی فەراموش بکرێت، چونکە هەمیشە گرێدراوی یەکترن. لە بواری توێژینەوەی زانستییشدا، ئەدەب و کۆمەڵگە، دوو کەرەستە و بواری گرینگن بۆ توێژینەوە، هەچەندە لە بنەڕەتدا لە ڕووی پێکهاتەوە، هەردووکیان هاوبەشن (Swingewood and Alan, ١٩٧٢). لە کۆمەڵناسییدا، توێژەر لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی زانستیی، ڕەخنەیی و وەسفیی لە بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دەگاتە کۆمەڵێک دەرەنجام، کە دەکرێت بەشێک بن لە کاری ئەدەبیی. لە بەرانبەردا، ئەدەب تەنیا بریتی نییە لە شیکردنەوەی کۆمەڵگە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە و ئامۆژگاریی و ڕێنیشاندەریی بۆ تاکەکانی کەمەڵگەکەی تێدایە. یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی ئەدەب، بریتییە لە ڕۆمان؛ کە هەمیشە لە ڕۆماندا ڕووداوە سەرنجڕاکێشەکانی کۆمەڵگە دەخرێنە بەرباس، کە هەڵقوڵاوی سروشت و شێوازی ژیانی کۆمەڵگەیە. بۆیە ڕۆمان دەتوانێت ببێتە هەوڵدانێکی کارا و باوەڕپێکراو بۆ دووبارە بنیادنانەوەی جیهانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتیی بەهەموو سیستێمەکانیەوە (کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، ئابووریی، پەروەردە و ژینگە)، هەروەها نیشاندانی ڕۆڵی مرۆڤ لە ململانێی نێوان گرووپەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان. هۆگارد، لە یەکێک لە وتارەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە دەڵێت «بەبێ بەڵگەی تەواوی ئەدەبیی، مرۆڤەکان لە تێگەیشتن و بینینی تەواوی کۆمەڵگەکەیان، کوێر دەردەکەون» (هۆگارد). ئەم بۆچوونەی هۆگارد دەریدەخات، کە ئەدەب و کۆمەڵناسیی تەواوکاری یەکترن. کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە کۆمەڵناسییی ئەدەب، پێوەندییەکی تەواوکارییە لە نێوان کاری ئەدەبیی و کۆمەڵگە. زیاتر لەوەش ڕەخنەگرانی ئەدەبیی و بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکان لە جەختکردنەوەیەکی بەردەوام دان لەسەر ئەو پێوەندییە تەواکارییەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، بە ئامانجی زیاتر دەرخستی پێوەندییەکەیان لە ڕووی چۆنایەتییەوە. (Lowenthal, ١٩٥٧)

## کۆمەڵناسیی ئەدەب: مێژووی گەشەسەندنی

کۆمەڵناسیی ئەدەب، مێژوویەکی دوور و درێژ و بەرچاوی هەیە. کۆمەڵێک ڕەخنەگر و فەیلەسووف لە ئەفلاتۆنەوە، تاکو ئەوانەی ئێستا لە ڕێگەی تیۆر و میتۆدی جیاواز، ئەدەبیان خستووەتە بەرباس، لەو باوەڕە دان، کە ئەدەب بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و شێوەگرتنی ئەدەب بە کولتوور و شێوازی ژیان، هۆکارەکەی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانیەتی. ڕەخنەگرانی زوو، گومانیان نەبوو لە پێوەندییی هەمەلایەنەی کۆمەڵگە و ئەدەب، ئەفلاتۆن، کە هەر زوو باسی لە پێوەندییی نێوان کۆمەڵگە و ئەدەب کرد، کۆمەڵێک پرسیاری دەربارەی دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەدەب خستەڕوو. هەرچەندە ئەفلاتۆن جەختی لەسەر دروستیی و پاکوخاوێنیی کۆمەڵایەتیی ئەدەب دەکردەوە. باوەڕی وابوو، کە شیعر وا لە مرۆڤ دەکات بەسۆز بێت و لەهەمانکاتدا، هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی. بەڵام ئەرستۆ وەڵامی بۆچوونەکانی ئەفلاتۆنی دایەوە، کە بە بۆچوونی کۆمەڵناسیانە دەربارەی ئەدەب هەژمار دەکرێت. لە ماوەی سەتەی هەژدەهەم، ئەم بۆچوونانە زۆر بەهێز بوون، لەگەڵ گەشەسەندنی زیاتری ڕۆمان (Swingewood and Alan, ١٩٧٢). بە پێی تێڕوانینەکانی بۆلاند ماکسیم، «ئەدەب دەربڕینی کۆمەڵگەیە». ڕەخنەگرە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆماننووسە مۆدێرنەکان، ڕۆمان بە وێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە دادەنێن. کارل مارکس، فردریک ئەنگێڵس و هاوباوەڕەکانیان، کە بەشدارییەکی بەرچاویان لە ڕەخنەی کۆمەڵناسیی بۆ بابەتەکان هەبووە و بە شێوەیەکی جیاوازتر سەیری ئەدەب دەکەن، کە بریتیی بێت لە ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگە (Economic infrastructure of society)، کە لە بنەڕەتدا ئەمە بەخشینی وێنەیەکی نوێیە بە کۆمەڵناسیی ئەدەب. (Goldman, ١٩٦٧) کۆمەڵناسیی ئەدەب، لە کۆتاییەکانی سەتەی بیستەم، توانی شوێنێکی تایبەت لە مێژووی ڕەخنەی تیۆرییە کۆمەڵایەتیەکان بەدەست بهێنێت لەسەردەستی بیرمەندان؛ لوسیان گۆڵدمان، لیۆ لوینتال، ڕۆبەرت ئیسکاریپ، ئالان سوینگوود، دیانا لۆرینسۆن و جۆن هۆڵ، لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکانی تر. لە ڕاستییدا، ئەمە قۆناغێکی گرینگ بوو لە مێژووی گەشەسەندنی کۆمەڵناسیی ئەدەب؛ کە تێیدا چەندین تیۆری کۆمەڵایەتیی و ڕەخنە هەتنە کایەوە، کە پێشڤەچوونێکی مەزن بوو بۆ کۆمەڵناسیی ئەدەب لە شیکردنەوە و توێژینەوەی بابەتەکانی. بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین تێگەیشتنێکی تیۆرییمان هەبێت لە هەمبەر کۆمەڵناسیی ئەدەب، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕاوبۆچوونی بیرمەند و تیۆریستانی ڕابردوو، کە تێڕوانینی تایبەتییان هەیە لەسەر ئەدەب و کۆمەڵگە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان.

*1.Barnettş James (1970). “The Sociology of Art. Londonş Albrecht.*
*2.Comteş A. (1896). The positive philosophy. Londonş Bell.*
*3.Goldmanş Lucian (1967). «The Sociology of Literature: The Status of Problems and Methods. Telo press.*
*4.Hudsonş W. H. (1958). An Introduction to the Study of English Literature. Londonş George G. Harper.*
*5.Learnerş Lawrence (1982). Literary Imagination. Londonş the Harvest Press*
*6.Lowenthalş Leo (1957). Literature and the Image of Man. Bostonş Beacon press.*
*7.Plekhanovş George (1912). Art and Social Life. Londonş Lawrence and Wishart.*
*8.Shankarş Rao (2*